# نصوص (مارف عمر گول) الشعرية من منظور السيميولوجيا

**م.د. سردار فايق مەجيد**

جامعة كرميان، كلية اللغات والعلوم الإنسانية، القسم الكردي، كردستان– العراق.

**البريد الإلكتروني Email :** Sardar.faeq@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: السيميولوجيا، العنوان، المكان، الزمان، مارف عمر گوڵ.

**كيفية اقتباس البحث**

مەجيد ، سردار فايق ، نصوص (مارف عمر گول) الشعرية من منظور السيميولوجيا، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الثاني ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

## Marf Omar Gul's poetic texts from the perspective of semiology

**Dr, Sardar Faeq Majid**
Garmian University, College of Language and Humanities, Kurdish Department, Kurdistan-Iraq

**Keywords** : semiology, title, place, time, Marf Omar Gol.

**How To Cite This Article**
Majid, Sardar Faeq, Marf Omar Gul's poetic texts from the perspective of semiology,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, November 2025,Volume:15,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
Marf Omar Gul's poetic texts from the perspective of semiology
This research, entitled (Marf Omar Gul's Poetic Texts from the Perspective of Semiology), is an attempt to present how the poet uses semiology in his poetic texts. Semiology is a critical analytical method that studies linguistic and non-linguistic signs in general, and the relationship between them and the role of these signs in conveying information. This subject has been given attention in Kurdish research, but no research has been done on this subject in relation to the poetic texts of Marf Omar Gul. Therefore, we felt it necessary to conduct this research, our goal is the types of semiology (address, time and place). in the poet's poems. In the light of the principles of the method of semiology.
This research consists of a summary, introduction, two parts, conclusions and a list of sources. Part 1: The terms, concepts and definitions of semiology are discussed.

**ملخص**

هذا البحث الموسوم نصوص (مارف عمر گوڵ) الشعرية من منظور السيميولوجيا)، هو محاولة لعرض كيفية توظيف الشاعر للسيميولوجيا في نصوصه الشعرية. والسيميولوجيا منهج تحليلي نقدي يدرس العلامات اللغوية وغير اللغوية بشكل عام، والعلاقة بينها ودور هذه العلامات في إيصال المعلومة. وقد حظي هذا الموضوع باهتمام كبير في البحوث الكردية، ولكن لم يتم إجراء أي بحث حول النصوص الشعرية لـ "مارف عمر كول". لذلك رأينا من الضروري التطرق لهذا الموضوع.

وقد تم إتباع في ضوء مبادئ منهج السيميولوجيا في هذا البحث. ويتكون هذا البحث من مقدمة وفصلين وخاتمة، مع قائمة المصادر. فأما الفصل الأول: يعرض شرح مصطلحات ومفاهيم وتعريفات السيميولوجيا. وأما الفصل الثاني: فيشرح سيميولوجيا العنوان والزمان والمكان في نصوص مارف عمر گوڵ الشعرية. وفي الخاتمة تم عرض النتائج التي توصل إليها البحث.

# دەقە شیعرییەکانی (مارف عومەر گوڵ) لەڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە

م.د. سەردار فایەق مەجید

بەشی کوردی، کـۆلـێژی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکـۆی گەرمیان، کوردستان_عێراق

Sardar.faeq@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (دەقە شیعرییەکانی (مارف عومەر گوڵ) لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە)ە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چۆنییەتی بەکارهێنانی سیمیۆلۆژیا لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا. سیمیۆلۆژیا (نیشانەناسی)، میتۆدێکی ڕەخنەیی شیکارییە، بەشێوازێکی گشتی لە نیشانە زمانی و نازمانییەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها پەیوەندی نێوانیان و ڕۆڵ و ئەرکی ئەم نیشانانە لە گەیاندنی زانیاریی دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، کەواتا تەنها کار لەسەر وەسفی نیشانەکان ناکات، بەڵکو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نیشانەکان و چۆنییەتی کارکردنیان دەخاتەڕوو. ئەم بابەتە لەنێو توێژینەوەی کوردیدا گرنگی پێدراوە، بەڵام پەیوەست بە دەقە شیعرییەکانی (مارف عومەر گوڵ)ەوە توێژینەوە لەسەرئەم بابەتە لەبارەی ئەم شاعیرەوە ئەنجام نەدراوە. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین، ئامانجمانە جۆرەکانی سیمیۆلۆژیای (ناونیشان و کات و شوێن). لە شیعرەکانی شاعیردا دەست نیشان بکەین. لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی میتۆدی سیمیۆلۆژیادا.

ئەم توێژینەوەیە، لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم: باس لە زاراوە و چەمک و پێناسەی سیمیۆلۆژیا کراوە، لە بەشی دووەم، سیمیۆلۆژیای (ناونیشان و کات و شوێن ) لە دەقە شیعرییەکانی مارف عومەر گوڵ دا ڕوونکراوەتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** سیمیۆلۆژیا، ناونیشان، شوێن، کات، مارف عومەر گۆڵ.

## پێشەکی

سیمیۆلۆژیا میتۆدێکی ڕەخنەیی نوێیە، کار لەسەر واتای نوێ لە دەقدا دەکات، باوەڕی وایە، کە دەق تەنها واتایەکی نییە و بە خوێندنەوە و ڕۆچوون بە قووڵایی دەقدا، نهێنی شاراوەی هەبێت و ئاشکرا بکرێت. لە چوارچێوەی ئەم میتۆدەدا فۆرمی وشە و گرێ و ڕستەکان هەڵدەوەشێنرێتەوە، بۆ گەیشتن بە واتا و ئاماژەی نوێ، لە ڕێگەی نیشانە و نیشانەبۆکراوەکانی ناو دەقەکەوە، بە واتایەکی تر، ئەم میتۆدە کار لەسەر زمانی دەق دەکات، زمانیش بۆ خۆی نیشانەیە، لە ڕێگەی نیشانە زمانییەکانی ناو دەقەکەوە، دەکرێت واتای پەنهان هەبێت و بەخوێندنەوە و لێکدانەوەی نیشانەکان واتای نوێ لە دەقەکەدا ببینرێتەوە و دەقەکەش بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** لەنێو توێژینەوەی کوردیدا، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی (مارف عومەر گوڵ)ەوە ئەنجام نەدراوە، بۆیە توێژینەوەکەمان، لەسەر ئەم شاعیرە و لە ژێر ئەو ناونیشانەدا ئەنجام داوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی میتۆدی سیمیۆلۆژیا توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

**ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە سیمیۆلۆژیای ناونیشان و کات و شوێن لە دەقەکانی شاعیردا دەسنیشان بکەین.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری کارکردنی ئەم توێژینەوەیە، سیمیۆلۆژیای (ناونیشان و کات و شوێن)ە، لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

١_ ئایا شاعیر گرنگی بە کام جۆر ناونیشان داوە؟

٢_ ئایا کام کات لەلای شاعیر زۆرترین بەکارهێنانی هەیە.

٣_ ئایا کام شوێنە زۆرتر لەلایەن شاعیرەوە بەکارهێنراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لە پوختە و پێشەکی و دووبەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم: زاراوە و پێناسە و جۆرەکانی سیمیۆلۆژیا**

**١_١_ زاراوە و چەمکی سیمیۆلۆژیا**

سیمیۆلۆژیا وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی لە پاش میتۆدی ڕەخنەیی بونیادگەرییەوە سەریهەڵداوە و بۆ پۆلێنکردنی نیشانەکان، لەسەرەتادا لە کاری پزیشکی و لۆژیك ناسی سەریهەڵداوە وەکو نیشانە و ئاماژەیەک، کە لە بووندا هەن، بەڵام دواتر هەوڵیداوە لە کاری پزیشك ناسی و لۆژیك خۆی جیابکاتەوە و وەك زانستێکی سەربەخۆ خۆی دەربخات و تایبەتمەندی خۆی لەبواری زمانەوانی و تەواوی بوارەکانی تردا وەربگرێت، ئەم میتۆدە لەبواری (هونەر و ئەدەب و سینەما و...هتد)ی بەکارهێنراوە، بنچینەی زاراوەکە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، کە زاراوەی (semio) لە بیرو بۆچونەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆدا بە واتای تیۆری مانا بەکارهێنراوە، کەواتا زاراوەکە ((وشەیەکی یۆنانییە و بەمانای نیشانە دێت))(قطوس،٢٠١١: ٢٤٧).

لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا چەندین زاراوە و چەمک بەدی دەکرێت، کە بە درێژایی مێژوو بەکارهێنانی هەبووە، ((سیمیۆلۆژیا(semiology) و سیمۆتیکا (semiotique)، هەردوو وشەکە لە وشەی(semio) وەرگیراوە و بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (semeion)، کە واتای نیشانە دەگەیەنێت))(عەلی،٢٠٢٢: ٦).

لە سەردەمی ڕەخنەی نوێدا، فردینان دی سۆسێر(١٨٥٧- ١٩١٣) و چارڵس ساندرس پێرس(١٨٣٩-١٩١٤)، ((بە ڕابەری بواری زانستی سیمیۆلۆژیا دادەنرێن))(ڕەئوف، ٢٠١٦: ١٨). ئەم دوو توێردانەرە لەسەر ئەوە هاوڕان، کە سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان دەکات، ((سوسێر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە بۆ سیمیۆلۆژیا دەڕوانێت و پێرسیش لە ڕوانگەی لۆژیکەوە))(خۆشناو، ٢٠١٩: ١٨). پێرس زاراوەی سیمۆتیکا (semiotics )ی بەکارهێناوە، کە پێی وایە: ((ئەو زانستەیە، کە لە نیشانە دەکۆڵێتەوە)) (عزام، ١٩٩٦: ٧)، هەروەها سۆسێر ((زاراوەی سیمیۆلۆژیا (semialogic)ی بەکارهێناوە و جەخت لەسەر زمان دەکاتەوە و دەیکات بە چەترێک، کە هەموو زمانە ئاماژەییەکانی تر دادەپۆشێت))(خۆشناو: ٧).

ڕۆلان بارت(١٩١٥-١٩٨٠) و ئیمبرتۆئیکۆ(١٩٣٢- ٢٠١٦) زیاتر باسیان لە چەمکی سیمیۆلۆژیا کردوە و بە تێڕوانینێکی نوێوە خستویانەتە ڕوو، بە جۆرێک سیمیۆلۆژیایان بردە ناو نیشانەکانی ئاژەڵ و گیانداران و بینین، مۆسیقا و بیستن، ئاماژەکانی فۆتۆگرافی و تابلۆ ...هتد.(ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢١-٢٢).

زاراوەی سیمیۆلۆژیا لە فەرهەنگی زمانی نەتەوە جیاوازەکاندا وشەی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنرێت و هەر نەتەوەیەک چەند وشەیەکی لە بەرانبەر سیمیۆلۆژیادا بەکارهێناوە، لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەکانی((semiotic، semiology، semeiotics)) (

2013,longman:). بەکاردەهێنرێت. لەزمانی عەرەبیدا ((السیمائیة، السیمائیة)) (منظور، ج١٢، ١٩٧٥: ٣١٢)، بەواتایی (هێما- نیشانە) دێت. لە زمانی کوردیدا لە پاڵ زاراوەی نیشانەناسیدا، زاراوەی سیمیۆلۆژیا لە توێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت.

زانستی سیمیۆلۆژیا لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بوارە جیاوازەکاندا بەکارهێنراوە، بۆیە زاراوەی جیاوازیش لە بەکارهێنانیدا بەدی دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەنێو ئەدەبیاتدا و وەکو میتۆدێکی شیکاری کار لەسەر سیستەمی زمانی و نازمانییەکان دەکات، بەبێ ئەوەی ڕاڤەکانی پێش خۆی ڕەتبکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان سوودیان لێ ببینێت، بۆیە جەخت لە سەر خوێندنەوەیەکی قوڵی دەق دەکات بۆ بینینەوەی نیشانە (دال) و نیشانەبۆکراو(مەدلول)ەکان لەڕێگەی بەرهەم هێنانی واتای نوێوە.

**١_٢_ پێناسەی سیمیۆلۆژیا**

سیمیۆلۆژیا زانستی نیشانەیە و کاتێک کار لەسەر شیکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی دەکات، تەنها لە چوارچێوەی ئەو دەقەدا دەوەستێت، چونکە کۆمەڵێک سیستەمی پەیوەندیدارن و پێکەوە گرێدراون، کە پێی دەگوترێت سیستەمی نیشانەی زمانی، کەواتا ((بەشێوەیەکی گشتی سیمیۆلۆژیا( نیشانەناسی) ئەو زانستەیە، کە لە نیشانە زمانی و نازمانییەکان و سیستەمی نیشانەکان و پەیوەندی نێوانیان و چییەتی و ئەرک و ڕۆڵی ئەم نیشانانە لە گەیاندنی پەیام و زانیاری دەکۆڵێتەوە))(قادر، ٢٠٢٣: ٩٦).

سیمیۆلۆژیا زانستێکی فراوان و گشتگیرە، لە بەرانبەریشدا گرنگی دەدات بە هەموو دیاردە ڕەفتارییەکانی مرۆڤ، چونکە لە بنچینەدا ئەرکی سیمیۆلۆژیا بەندە بە مرۆڤەوە (ڕەئوف، ٢٠١٧: ٣٦). لێکۆڵینەوە لە نیشانە(دال)ەکان و پەیوەندییان بە نیشانەبۆکراو (مەدلول)ەکانەوە دەکات، بەواتایەکی تر پەیوەندی واتایە بە سەرچاوەکەیەوە.

سیمیۆلۆژیا زانستێکە گرنگی بە هەموو لایەنەکانی، یان بوارەکانی کاری مرۆی دەدات، چونکە (ئامرازی خوێندنەوەی هەموو دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتییە، هەر لە هەڵچوونە ئاسانەکانەوە تاوەکو دەگاتە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بە ئایدۆلۆژییە گەورەکان کۆتایی دێت)(بنگراد، ٢٠٠٥: ١٤). بۆیە سیمیۆلۆژیا دەبێتە زانستێکی بابەتی سەردەم و بریتییە لە (تیۆری گشتی نیشانە(دال)ەکان، بەم هۆیەوە بە سروشتێکی گشتگیر و بەرفراوان دەناسرێت، کە لە بنەڕەتدا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکێکیان تایبەتە بە خودی زانستەکە و ئەویتریان تایبەتە بە نیشانەبۆکراوەکان و بوارەکانیانەوە) (اسکندر، ٢٠٠٩: ١١).

**١_٣_ مێژووی سیمیۆلۆژیا**

سیمیۆلۆژیا مێژوویەکی کۆنی هەیە، ((لە سەرەتاوە لە ڕێگای وێنا و بۆچوون و چەمکەکانەوە دەرکەوت، کە لە چوارچێوەی گوتاری فەلسەفی یۆنانیدا هەبوون، بەڵام وەکو زانستێکی تەواوی کۆنتێکستە واتاییەکان، لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا)) (المرابط، ٢٠١٠: ٧).

بیری سیمیۆلۆژیا لای گریکەکان ((لە قوتابخانەی گومانگەراییەوە دەستی پێکردووە، لە سەدەی هەشتەمی پێش زاینەوە لەسەر دەستی فەیلەسوف (ئانیسید ئیمۆس) سەریهەڵداوە))(سعدالله، ٢٠٠٧: ١٤). ئەم فەیلەسوفە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ زانستی پزیشکیدا هەبووە.

ئەفڵاتۆن زاراوەی سیمۆتیکا (semioitke)ی بەکارهێناوە لەپاڵ زاراوەی گراماتیکا (grammatike)، کە بەواتای فێربوون و نووسین و خوێندنەوە دێت و پەیوەستە بە فەلسەفە و هونەری بیرکردنەوەوە، هەروەها ئەفلاتون زاراوەی (semiotique)ی بەکارهێناوە بۆ نیشانەبۆکراو(دەلالەت) لە هونەری ڕازیکردن و جەختی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە، کە کرۆکی شتەکان جێگیرە و وشەش ئامرازی پەیوەندییە، بەم پێیەش لەنێوان وشە و واتاکەیدا، گونجانێکی سروشتی لەنێوان نیشانە و نیشانەبۆکراودا هەیە. (عەلی،٢٠٢٢: ٣٠).



مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

ئەرستۆ نیشانەو لەبارەی نیشانەوە دەڵێت: ((ئەو دەنگانەی، کە مرۆڤ دەریان دەبڕێت، هێمان بۆ باری دەروونی، دەربڕاوە دەروونییەکانیش هێمای ئەو دەربڕاوانەن، کە دەنگەکان بەرهەمی دەهێنن، جگە لەوەش نووسین لای هەموان وەک نییە، بەڵام حاڵەتە دەروونییەکان وەک یەکن))(وغيشي، ٢٠٠٧: ٩٩).

(جۆن لۆک) لە کتێبی (نامەیەک بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ ١٩٦٠)دا وشەی سیمۆن (semon)ی وەکو شێوە گریکەکە و بە واتای میتۆدە ئەپستمۆلۆژییە فەلسەفییەکان بەکارهێناوە و بەیەکێک لە لقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی داناوە، دواتر ئەم زاراوەیە گواستراوەتەوە بۆ بواری لۆژیک و زانستی زمان و دواتریش ئەدەب و هونەر و سینەما و داب و نەریت ...هتد، لێرەوە سیمیۆلۆژیا، یاخود سیمیۆتیکا بووبە میتۆدێکی سەربەخۆ (ڕەئوف، ٢٠١٧: ٣٤).

سیمیۆلۆژیا وەکو چەمکێکی زانستی و میتۆدێک، مێژوویەکی کۆنی نییە، چونکە (گرنگیدان بە نیشانە بۆ سەردەمێکی نوێ دەگەڕێتەوە)(بن مالك، ٢٠٠٠: ٧). بەشێکی زۆر لە پسپۆڕانی بواری ئەدەب مێژووەکەی بۆ (سەرەتای سەدەی پێشوو دەگەڕێننەوە، کاتێک سۆسێر وەکو زانستێکی نوێ ئاماژەیی بۆ کردووە بەناوی سیمیۆلۆژیاوە، کە (ئەرکەکەشی بریتی دەبێت لە خوێندنەوە بۆ نیشانەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، مەبەستی ئاشکرای ئەم زانستە پێدانی مەعریفەی زانستی بوو، بە مرۆڤایەتی بە مەبەستی تێگەیشتن لەلایەنێکی گرنگی بوونی مرۆڤایەتی بە هەردوو لایەنی خودی و بابەتییەوە) (بنگراد، ٢٠١٢: ٩).

پێرس زاراوەی سیمیۆتیکی لە زاراوەکەی جۆن لۆکەوە وەرگرتووە، چونکە (جۆن لۆک بەهەمان شێوە ئەو زاراوەیەی بۆ زانستێکی تایبەت بە نیشانەکان و نیشانە بۆکراوەکان و مانا جیاوازەکانی لۆژیک بەکاردەهێنا)(راغب، ٢٠٠٣: ٣٦٦). بەشێک لە بیرمەندانی بواری سیمیۆلۆژیا باوەڕیان وایە، کە سیمیۆلۆژیا لای (شارلز ساندرز پێرس)ەوە بووە بە زانستێکی سەربەخۆ، کاتێک ئەوەی ڕاگەیاند، کە سیمیۆلۆژیا سەرچاوەیە بۆ توێژینەوە لە هەموو زانستەکان)(عياش، ٢٠٠٤: ١٥). جولیا کریستفا لەم بارەیەوە دەڵێت: لە بەکارهێنانی زاراوەی نوێی سیمیۆلۆژیادا، قەرزاری پێرسین. (كريستيفا، ١٩٩١: ١٥).

### ١_٤_ بنەماکانی سیمیۆلۆژیا

سیمیۆلۆژیا چوارچێوەیەکی تیۆری دیاریکراوی هەیە، لە کاتی خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقێکی ئەدەبیدا وەکو بنەمایەک پەیڕەوی لێدەکرێت، لە گرنگترین ئەو بنەمایانەش:_

١_ هەموو دەقێک ناونیشانێکی بۆ دادەنرێت، بۆیە ئەم میتۆدە هەر لەسەرەتاوە ((بایەخ بە سیمیۆلۆژیای ناونیشان دەدات))(خەلیل، ٢٠١٧: ١٦٠).

٢_ ئەم میتۆدە باوەڕی وایە لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا دەکرێت واتای نوێ لە دەقەکە ببینرێتەوە، بۆیە ((گرنگی بە دەق و خوێنەر دەدات، واتا بە گەڕان و خوێندنەوە واتای جیاوازی دەق دەبینرێتەوە))(قەطوس، ٢٠١١: ١٣١).

٣_ کاری سیمیۆلۆژیا مامەڵە کردنە لەگەڵ واتادا، لە ((پەیوەندی واتای (دال و مەدلول) دەکۆڵێتەوە))(قادر،٢٠٢٣: ٩٧).

٤_ کار لەسەر سیستەمی نیشانەکان دەکات و پێی وایە هەموو نیشانەیەک، ئاماژەیەکی نائامادە لە قوڵایدا پەنگی خواردووەتەوە، بۆیە بە بەردەوامی بۆ ئەو ئاماژە پەنهانە دەگەڕێت، کە دەق لە ناخی خۆیدا حەشاری داوە.

### بەشی دووەم: دەقە شیعرییەکانی (مارف عومەر گوڵ) لەڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە.

### ٢_١_ سیمیۆلۆژیایی ناونیشان:

زاراوەی ناونیشان وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەشی (ناو + نیشان) پێکهاتووە، بەمانای دەستنیشانکردنی "شوێن و پێگە" دێت. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ناونیشان لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری هەیە، وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو هەر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

دەقێکی ئەدەبییەوە. بەشێوەیەکی گشتی ناونیشان سێ ڕەهەندی گرنگ لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە ((ڕوونکردنەوە و بیرهێنانەوە و بەهادان))(adam، ١٩٨٩: ٣٤). ڕوونکردنەوە بەواتای ناسنامەی جۆری قسەکردن و ئاماژەکانی دەقە، بیرهێنانەوە لە ناوەڕۆکی دەق ئاگادارمان دەکاتەوە، بەهادان بەو واتایە دێت، کە بەهای دەقەکە دەردەخات. کەواتا ((ناونیشان دەقێکی بچکۆلەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحایە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی خوێندنەوەدا هەیە، لە دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی شیعردا هەیە، هەوڵدەدات کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و بینینی نوسەرەکە لە لای خوێنەر ڕۆشن بکاتەوە))(ئەسوەد، ٢٠١١: ٧٤).

لە زمانی کوردیدا چەمکی ناونیشان بەواتای شوناس دێت، بەڵام لە بواری ئەدەبدا بەواتای شوناسی دەق دێت، ((ناونیشان ئەو ناوەیە، کە کتێبێک لە کتێبێک، یان بەشێک یان پارێک لەوانی تر جیادەکاتەوە، وەک مرۆڤ چۆن هەریەکە ناوێکی هەیە و بەو ناوە لەوانی تر جیادەبێتەوە))(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٥٠٥). ناونیشان دەقێکی کورتکراوەیە و پەیوەندیدارە بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە، وەکو کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەقێک بۆ خوێنەر و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ خوێنەردا هەیە، واتا ناونیشان ((تەنها دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلی ڕاڤەکاری بنچینەییە بۆکردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق))(ڕەشید، ٢٠٠٧: ٥٣).

ناونیشان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەخۆ ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی دەقەکە دەکات لە ڕێگەی ڕەمز و ئاماژەوە، لێرەوە ناونیشان دەلالەتی دەقەکە فراوانتر دەکات و دەبێتە کلیلێک بۆ ڕۆچوون بەناو ناخی دەقەکەدا، لەم ڕوانگەیەوە گرایس دەڵێت: ((دەبێت ناونیشان هەڵگری زانیاریی و ڕاشکاویی و پەیوەندار و پوخت و چڕ و ڕوون بێت))( Grice, 1975: 41).

کەواتا ناونیشان ((کلیلێکە لە کلیلەکانی دەق، یاخود پرۆسەیەکی پەیوەندییە و دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق، چونکە دەق بەگشتی لە خودی خۆیدا خاوەن دەستەڵاتێکی جیاوازە، ئیدی ئەم دەقە کورت بێت یان درێژ، نوێ یا هاوچەرخ بێت، گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ بوونی ئەو پەیوەندییانەیە، کە لەناو دەقەکەدا هەن، چونکە سیمیۆلۆژییەکان باوەڕیان وایە شتێک لە دەرەوەی دەقەوە بوونی نییە)) (ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢٨٣).

سەرەتای بەکارهێنانی ناونیشانی کتێبەکان بە شێوەیەکی سادە و ساکار بەکار هێنراوە و تەنها ناساندنێکی سەرەتایی بووە بۆ ناساندنی نووسەری کتێبەکە و بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نەبووە بە ناوەڕۆکەوە، بەڵام لە ساڵانی (١٩٦٨) هەردوو نووسەری فەڕەنسی (فرانسوا فروریە(١٧٧٢- ١٨٣٧) و (ئاندریە ڤینتنا) توێژینەوەیەکیان بە ناوی (ناونیشانی کتێبەکان)((لە سەدەی هەژدەهەمدا بڵاوکردەوە و ئەم زانستەیان خستەڕوو وەک یەکەم کاری ڕەخنەیی بایەخیان بە ناونیشان دا))(ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢٨٨). لەم مێژووە بەدواوە ناونیشان و گرنگی ناونیشان بووبە جێگەی سەرنجی نووسەران.

مارف عومەرگوڵ، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە گرنگییەکی زۆری بە ناونیشانی دەقە شیعرییەکانی داوە و بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی بەکاری هێناوە، ناونیشان لەدەقەکانیدا بوون بە نیشانە و چەندین نیشانەبۆکراو(مەدلول)ی لەناو قوڵایی خۆیاندا حەشارداوە و واتای قوڵ لەخۆ دەگرن، ناونیشانی دەقەکانی شاعیر لەگەڵ دەسپێک و ناوەڕۆک و کۆتای دەقەکاندا ئاوێتەن و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە، لێرەدا چەند نمونەیەکی زیندوو دەخەینەڕوو.

**ـ ئەڵقە**

وەک پشکۆی کوانووی
لە دەور ئاڵاوی وەرزی بەفرانبار
کوردستان سوورە

ئێمەش لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا
بەدەوری تەرمی شەهیدەکانا
ئەڵقە دەبەستین
کە زۆردار سمی هێنایە خاکی سوور هەڵگەڕاومان
ئێمەش هەروەکو شەهیدەکانمان
گیان لەسەر دەستین( گوڵ، ٢٠٢١: ١٨٢)

ناونیشانی دەقەکە لە تەنها یەک وشە پێکهاتووەن خودی وشەکە وەکو نیشانە (دال)ێک چەند ئاماژەبۆکراو (مەدلول)ی هەیە، کاتێک خوێنەر ڕووکەشی ناونیشانەکە دەبینێت بیری بۆ ئەڵقەی پەنجە دەڕوات، بەڵام بەهۆی ئاماژەبۆکراو (مەدلول)ەکانی ناو دەقەکەوە مەبەستی شاعیر زیاتر ڕووندەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە دەیەوێت قەدر و نرخ و بەهای شەهیدەکانمان بۆ دەربخات، کە چۆن گیانی خۆیان لەپێناو خاک و نیشتیمانەکەیاندا بەخشیوە، نیشانەیەکی تری دەقەکە هاندانی خەڵکییە بۆ بەرگریکردن لە خاک و خۆشەویستی خاک و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و گیان فیداکاری. لێرەوە ڕاستە ئەوە بگوترێت، کە لە ڕێگەی یەک ناونیشان (نیشانە)وە چەندین ئاماژەبۆکراو(مەدلول) لەپشتیەوە هەبێت و لە ئاستی قوڵی دەقەکەدا خۆیان حەشاردابێت، بە سەرنجدان لە دەقی (ئەڵقە) دەگەینە ئەو ڕاستییەی، لەڕووی سیمیۆلۆژیاوە ناونیشان کلیلی ڕاڤەکاری و شرۆڤەکارییە بۆ کردنەوەی ئاماژەبۆکراو(مەدلول)ە کانی دەق، کەواتا ((ناونیشانی هەربابەتێک وەکو سەری هەر جەستەیەک وەهایە، چۆن ئەم جەستەیە ناتوانێ بەبێ سەر بژی، ئاواش هیچ دەقێک ناتوانێ بەبێ ناونیشان بوونی خۆی بسەلمێنێت)) (ڕەشید، ٢٠٠٧: ١٥١).

**ـ گەمارۆ**

کانییەکی بێ کچۆڵەم
ئێوە کانی واتان دیوە؟
گوندێکم بێ ڕانەمەڕ و ڕێژنەی باران
ئێوە گوندی واتان دیوە؟
شارێکم بێ خۆشەویستیی دارستان و بێ چراخان
ئێوە شاری واتان دیوە؟
دەزانن کێم؟
وڵاتێکم، لە چوار لاوە
گەلە گورگی دوژمنانم لێ ئاڵاوە(گوڵ، ٢٠٢١: ٣٧١)

ناونیشانێکی یەک وشەیی بۆ دەقەکە دانراوە و بەهیچ شێوەیەک لەناو دەقەکەدا بوونی نییە، کەواتا (گەمارۆ) وەکو نیشانە(دال)ێک لە دەقەکەدا نەهاتووە، بەڵام لەڕێگەی چەندین وێنەوە نیشانەبۆکراوە (مەدلول)ەکانی هاتووە، کە ئەویش بریتین لە نیشانە بۆکراوەکانی ڕاگواستن و سانسۆر خستنەسەر، لەلایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە، کە وەکو گورگ چواردەوری کوردستانیان داوە و کەوتوونەتە وێرانکرن و تاڵانکردنی، کەواتا شاعیر ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، بەوەی وێنای دیاردەی ڕاگواستن و وێرانکاری خاکی کوردستان بکێشێت، کە ئەویش وێنەی نەبینینی کچان لەسەر کانی و چۆڵکردنی گوندان لە ئاژەڵداری و وێرانکردنی شاران لە ئاوەدانی و ڕووناکی. لە بەرامبەردا وێنای دوژمنان و داگیرکەران و چواندنیان بە گەلەگور، سەرجەمی ئەم وێنانە دەبنە نیشانەبۆکراو (مەدلول) و ناونیشانەکەش دەبێتە نیشانە(دال)، کەواتا ڕاستە دەگوترێت: ((ناونیشان گوزارشت لە ناوەڕۆکی دەقەکە دەکات))(رشید،٢٠٠٧: ١٥١).

**ـ گوڵی زام(٢٣٩)**

تەرمی شەهیدێک دەخەنە سەر شان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

بنچک پێ دەگرێ
شۆڕەبی سەری دەنێتە سەر خاک
کۆرپە ڕادەکات، گەورە دەوەستێ
کێو هەرەس دێنێ دەبێتە خاشاک
کە دەگەنە جێ
سەرتاپا خەڵکی بۆی دێنە سەرچۆک
تەماشای دەکەن
گوڵی زامێکی داوە لە بەرۆک (گوڵ، ٢٠١٤: ٢٣٩).

بە ناونیشانی دەقەکەدا دیارە، کە چیرۆکێکی تراژیدی لەپشت دەقەکەوەیە، سەرنجی خوێنەر بەلای کارەسات و ڕووداوێکی ناخۆش و ناهەمواردا دەبات، ئەم ناونیشانە، کە لە گرێیەک پێکهاتووە و دوو وشەیە گوڵ نیشانەی جوانی و پاکی و بێگەردی و بۆن خۆشییە، زامیش نیشانەی ئێش و ئازار و کارەسات و نەهامەتی بریندارییە، کە هەرگیز ئەم دوو وشەیە بەیەکەوە نایەن، بەڵام لێرەدا کۆکراونەتەوە، دیارە نیشانەیە بۆ چەند نیشانەبۆکراوێکی تر، کە لەخوێندنەوەی دەقەکەدا شاعیر ئاشکرای دەکات و وێنای دەکێشێت، شاعیر وێنەی ئەو برینەی، کە لەسەر دڵی شەهیدێکە دەنەخشێنێت و خوێنەکەی سەر برینەکەش بە گوڵ دەچوێنێت، لێرەدا شاعیر دەیەوێت هەستی خۆی و خەڵکی بەرانبەر بە شەهیدان دەرببڕێت و گیان بەختکردنی شەهیدەکانیش بەرز بنرخێنێت، کەواتا لەڕێگەی نیشانەبۆکراو(مەدلول)ی برینی سەر دڵی شەهیدێکەوە مەبەستەکانی پشت بەکارهێنانی ناونیشانی (گوڵی زام) ڕوون دەبێتەوە، کە نیشانەیە بۆ نەهامەتی و خەمێکی قوڵ و گیان بەختکردن ...هتد.

**- گەلەگورگ**

چ ڕازێ... چ ئاخێ هەڵڕێژم
بتوانم دیمەنی یەک ڕۆژی ناو زیندان بکێشم
گەلەگورگ کە شاڵاو بۆ گیانی بەرخەلی دێ دەبەن
جەلادی لای ئێمە لە ئەوان گورگترن
هەر کەسێ گەر ڕۆژێ، گەر ساتێ، نەیبینێ
نازانێ دڕندەی لای ئێمە چی دەکەن(گوڵ، ٢٠٢١: ١٦٦).

ناونیشانی دەقەکە وشەیەکی لێکدراوە و نیشانەیە بۆ مرۆڤی دڵڕەق و بێ ویژدان، شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی ئەو نەهامەتییانەی، کە لەناو زینداندا بەسەری هاتووە لەڕێگەی چەند نیشانەیەکەوە پیشانی بدات، بۆئەوەی ئەو وێنەیە لەپێش چاوی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی کاڵ نەبێتەوە و ببێتە هەوێنی بەرخودان و هاندانیان بۆ دژایەتی کردنی زۆرداران و دوژمنان، لێرەدا گەلەگورگ دەبێتە نیشانە(دال) بۆ چەند نیشانەبۆکراو (مەدلول)ێک، چونکە گەلەگورگ بەچەند سیفاتێک دێت، لەوانە پەلاماردان و کوشتن و ئازاردان و ترساندن، کەواتا هەریەک لەم سیفاتانە بوون بە نیشانەبۆکراوی دەقەکە و سیمیۆلۆژیای دەقەکە پێکدەهێنن.

**- شاییەکی نهێنی**

هەڵمەپەڕن!
دیوار،
دەنگ دەدزێ
هەوا،
دەنگ دەدزێ
دەرگا لەسەر خۆتان داخەن
پەڕۆبنێن بەپەنجەرە و بە دەرگاوە

پەرۆبنێن بە بنمیچ و بەر هەواوە
با لەسەدای دەنگی یەکدا، کەر و کاس بن
چەپڵە و گۆرانی و پێکەنین
هەر دۆزەخن بۆ سەر زەمین! (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٢٩-٣٣٠).

لەم کۆپلەیەدا شاعیر (شاییەکی نهێنی) کردووە بە ناونیشانی دەقەکە، ئاشکرایە هەڵپەرکێ و شایی بە ئاشکرا دەکرێت، ڕەشبەڵەک و شایی و تێکەڵبوون و پۆشینی جلی کوردەواری و ڕەنگاوڕەنگ ئەنجام دەدرێت، بەڵام شاعیر دیارە بەمەبەست ئەم ناونیشانەی داناوە، مەبەستەکەش بە خوێندنەوەی دەقەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە بەهۆی سیاسەتی ڕژیمی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانەوە، کە نەیدەهێشت بەئاشکرا شایی و زەماوەند بگێرن، بۆیە شاعیر ئەو ترسە بە پێش چاوی خەڵکی دەخات و دەڵێت: هەموو شتەکان دەبنە هۆکاری گواستنەوەی ئەو دڵخۆشییەتان و شاییەکەتان لێتێک دەدات، تا دەگاتە ئەوەی، کە دەڵێت: ئەو شوکردنەت وادەی نەبووە. کە بووەتە هۆی نەهامەتی و خەمێکی قوڵ و ڕووداوێکی ناخۆش و ناهەموار.

****

**- بوکێ خانم،**
**بۆ ئەم شووەت هەڵگرتووە بۆ زەمانی وشک و قاقڕ؟**
**- جاران تازە نەمامێک بووم،**
**گەڵای پرچم دەدایە بەر بای بەهاران**
**خەونی خۆشیم لێ دەئاڵا**
**کێ دەیزانی، خەونم دەبێتە مۆتەکە؟!**
**کێ دەیزانی،**
**پرچم دەبڕن، عەبایەکی زوخاڵیم بەسەردا دەدەن؟!**
**خۆم هەڵنەگرت بۆ زەمانێک درۆ یاسا و دەسەڵات بێ**
**خۆم هەڵنەگرت بۆ زەمانێک، گریان و شین پڕ وڵات بێ**
**زوو نەمزانی دەمی چەقۆ**
**لە ڕۆژێکا هەزاران جار**
**بۆ گەردنی خەڵکی ڕاستگۆ**
**لە کالانی نامەردەوە، لێم دێتە گۆ! (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٢٩-٣٣٠).**

**لەم دوو کۆپلەیەدا نیشانەبۆکراوی زۆرداران، کە پیشەیان کوشتن و بڕین و داپڵۆسین و هۆکاری ڕەشپۆشکردنی ژنان و سەرتاشینی پیاوانن، دراوەتە پاڵ نیشانەی شاییەکی نهێنی و لەوڕێگەیەوە ئەو زوڵم و ستەمە باسکراوە.**

**٢_ سیمیۆلۆژیایی کات**

مرۆڤ لەناو کاتدا دەژیت و بەبێ کات بوونی نییە، کات ((گوزەر کردنە بەنێو ڕووداوەکاندا، هەموو ڕووداو و گوتن و دەربڕینێکی مرۆڤ کاتێکی دیاریکراوی هەیە، هەندێک وشە و دەربڕین هەیە گوزارشت لە کات دەکەن، کە بە نیشانەکانی کات ناسراون، کە کاتی قسەکردن دیاری دەکەن، وەکو ساڵ و مانگ و ڕۆژ و ...هتد))(مستەفا، ٢٠٢١: ٢٣٢). کات نەک تەنها لە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەراندا، بەڵکو لەنێو ئەدەب و شیعردا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە کات ((لە پێکهاتەی دەقدا یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان، چونکە کات وەکو فەزایەک وایە، کە هەموو پێکهاتە و ڕەگەزەکانی تری تێدا دیاری دەکرێت، لەبەرئەوەی ڕوودانی هەر ڕووداوێک پەیوەستە بەو کاتەی، کە تێیدا ڕوویداوە))(حسین، ٢٠١٢: ٥٧). دەقی شیعری و کات وەکو دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و لەهەمان کاتیشدا جوانییەکی بێ وێنە بەدەق دەبەخشێت. ((هەموو دەقێکی ئەدەبی بەوپێیەی باسکردنە لە ڕووداوێک بۆیە کات پەیوەستەیەکە بە

ڕووداوەکان و لە و چوارچێوەیەدا بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە و بەدەر لەوەی ڕێکیان دەخات، بەشداری لە بەرهەمهێنانی واتای مەبەستداردا دەکات، واتە ئەو مانایەی، کە نووسەر لە کاتەکەدا بەجێی دەهێڵێت بۆ خوێنەر، بەمەش ئەرکی سیمیۆلۆژیایە کار لەسەر مانا و ئەرکی کات لە دەقدا بکات))(ڕەئوف،٢٠١٧: ٤٠).

کات لە شیعری (مارف عومەر گوڵ)دا، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و بووە بە نیشانە و ناسنامەی دەقە شیعرییەکانی لە ڕێگەی چەند نیشانەیەکەوە واتای جیاواز و وا لە خوێنەر دەکات بە دوای واتای پشت دەقە شیعرییەکاندا بگەڕێت و نیشانە و نیشانە بۆکراوی نوێیان تێدا ببینێتەوە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند کاتێکی جیاواز لە دەقەکاندا دەستنیشان بکەین و سیمیۆلۆژیای دەقەکان دەستنیشان بکەین:-

**- کاتی بەیانی**

دەزانی بەیانییەک ویستم نامەیەکت بۆ بنووسم
هەموو وشەکانی بوونە گۆرانی
لەژێر نووکی قەڵەمەکەما!
بەسەر سەوزایی باڵاتا
هاتن ماچیان کردی و
منیان خستە سەما! (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٢).

کاتی (بەیانی) نیشانە (دال)ێکە بۆ دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ و گوزارشت لە کاتێکی دیاریکراو دەکات، لەم دەقەدا شاعیر بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ کاتی بەیانی دەڕوانێت. نیشانەبۆکراو(مەدلول)ەکانیشی نیشانەن بۆ ساتێکی خۆش و گەشانەوە و ئاگاداربوون لە خۆشەویستەکەی.

**- کاتی ئێوارە**

ئێوارەم لێ بە سەر دا دێ
هاژەی با دێ، بایەکی سارد
بە دوای جوتە پێڵاوێکا دەکەومە گڕ
لە نیوەی ڕێ فرێی نەدەم،
ترس هەیە شەو بکەومە ژێر بەفرەوە!
تف لە دوژمن،
کەی مرۆڤ بۆ کوێرەوەری دروست بووە!
ئێوارەم لێ بە سەر دا دێ
خەمی سبەی ئەستۆم دەگرێ! (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٠٥).

کات لەم دەقەدا (ئێوارە)یە، کە نیشانەیە بۆ کۆتایهێنان بە ڕۆژ و دەستپێکی شەو، لەم دەقەدا سرۆشتێکی نەرێنی هەیە، ئەویش بەهۆی داهاتنی شەوەوە، کە نیشانەیە بۆ دڵتەنگی و خەم و پەژارە، لەم دەقەدا سێ کاتی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت ئەوانیش( ئێوارە، شەو، سبەی)، ئەم سێ کاتە چەند نیشانەبۆکراو(مەدلول)ێکی هەیە، بەڵام لە تێکەڵکردن و بەستنەوەی هەرسێ کاتەکەدا، نیشانەن بۆ ناهەمواری و خەم و پەژارەیەکی بەردەوام، کەواتا هەر لە ئێوارەوە سەرما و ڕەشەبا دەبێتە مۆتەکە و بەرۆکی شاعیر دەگرێت، تا دەگاتە شەو، شەویش بەفر ڕێگەی لێدەگرێت، بۆیە چاوەڕوانی سبەینێیەکی ناخۆش و نالەباردەکات، لێرەدا شاعیر بەهۆی مەدلولەکانی ئەم سێکاتەوە دەیەوێت باس لە دوژمنان و داگیرکەران بکات و زیاتر ڕووی ڕەشیان دەربخات، گلەیی ئەوە بکات، کە ئایا مرۆڤ بۆ ئەم نەهامەتیی و دەربەدەرییە کراوە؟ بۆیە تف لە دوژمنی نالەبار دەکات، کە ئەم بارە ناخۆشەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە.

**_ کاتی نیوەشەو**

سەرهەڵگرتووی جهانێکی پڕ ئاژاوەم
لەم ژوورەدا
نیوەشەویش خەو ناچێتە چاوەکانم
گڵۆڵەی گشت یادەکانم دەکرێتەوە و
داو داو دەئاڵێتە سەرم (گوڵ، ٢٠٢١: ٤٦).

کاتی (نیوەشەو) لە دەقەکانی شاعیردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی باس لە شەو و نیوەشەو دەکەن، دیارە ئەمەش بەهۆی ئاوارەیی و دەربەدەر بوونی شاعیرەوەیە، شاعیر ئەم دەقەی لە شاری بەغداد نووسیوە و کەوتووەتە بیری ڕابردوو بۆیە خەو ناچێتە چاوانییەوە و بەردەوام لە یادی ڕابردوو دایە، لێرەدا چەندین نیشانەبۆکراو (مەدلول)ی هەیە، لەوانە خەوزڕان و بیرکردنەوە و دووریی و ئاوارەیی، کەواتا شاعیر بەشێوەیەکی نەرێنی لەشەو دەڕوانێت و بە نیشانەیی خەم و ناخۆشی دایدەنێت.

**ـ کاتی شەو**

ئەوا شەوە بۆچی نانوی؟
لە کوچەی ئەم شارە سارد و شێواوە دا
نانووم .. نانووم
لە توێی تیشکی سەرنجمەوە
سوارێک دیارە، وا بەشانی شاخێکەوە
پاسەپۆرتی عشقی پێیە و
هەناسەکەی پڕ ئەستێرەی ورشەدارە
کێوی ڕاچەنیوی هەستی
سنورەکان تێک دەشکێنێ
لە تەکیانا،
گشت هەورازێ جێ دەمێنێن (گوڵ،٢٠٢١: ٤٤).

شەو لەلای شاعیر بەردەوام نیشانەی چاوەڕوانی و نەهامەتی و دڵتەنگییە، شاریش هەمیشە نیشانەی سارد و سڕی و نەبوونی ئومێدە، لەم دەقەدا شاعیر شەوی لێ بووە بە مۆتەکە و خەوی زڕاوە، یاخود ئەوەی پرسیاری ئاراستە کراوە خەوی نەماوە و چاوەڕوانی هاتنی شتێکە، بێگومان ئەو شتەش تەرمی پێشمەرگەیەکە، کەواتا شاعیر سەرنجی لەسەر ئەوەیە، کە شۆڕە سوارێک نیشانەبۆکراو(مەدلول)ی پێشمەرگەیەکی شەهیدکراوە و بەسەرشانی نیشانەبۆکراوی (شاخێک)، کە پێشمەرگەیەکی دیکەیە، لەڕێگەی نیشانەبۆکراوی عیشقەوە، دەزانرێت، کە سوار و شاخ نیشانەبۆکراون بۆ پێشمەرگە و شەهید، ئەم دوو نیشانەبۆکراوە وەکو دوو ئەستێرەی درەوشاوەن و هەموو بەربەستەکان تێکدەشکێنن، لێرەوە (گشت هەوراز و سنورەکان) دەبنە نیشانە بۆ نیشانەبۆکراوی دوژمنان و داگیرکەران.

**ـ کاتی دوێنێ و ئەمڕۆ**

دوێنێ وتمان، هەورامانمان بریندارە
دەستمان بشکێ، چاومان کوێر بێ
وا ژمارەی شەهیدانمان پێنج هەزارە!
برین هەیە، ئەوەندە قوڵ و خوێناوی
مێژوو هەیە، ئەوەندە هەڵە و داماوی!
دوێنێ: (یاڵڵا بسع هویتک
ئیمرۆ: (ئاغا بەرگە داری!)

دوێنێ فرمێسکی ژێردەستی
ئیمڕۆ ئاخی شەرمەزاری (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٢٤).

دوالیزمی دوێنێ و ئەمڕۆ بوون بە نیشانە بۆ نیشانەبۆکراوەکانی دوو سیستەمی حکومڕانی، ئەوەی دوێنێ بە کوشتن و بڕین و کیمیایی باران، کە مەبەست ڕژێمی پێشووی عێراقە، ئەوەی ئەمڕۆ دیسانەوە ئاغا و بەگ، کە مەبەست لێی سیستەمی حوکمڕانی خودی کوردان دەکات، کەواتا لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی دوالیزمێکەوە دەربڕینی لە هەردوو حکومڕانی کردووە و کردوونی بە دوو نیشانە بۆ دوو نیشانە بۆکراوی حکومڕانی و هەردوو سیستەمەکەش ڕەت دەکاتەوە.

**کاتی بەهار**

کە بینم نا بە خۆشەویستیی قوڵتەوە
بوومە بولبول و لەبەر نەمەی بارانی پایزانتا
پەلکە زێرینەی بەهارم کردە هەردوو باڵی خۆم و
فێری گەشت و یاڵە و یاڵ بووم
کە فێری یاڵە و یاڵیش بووم
تۆ نەبوایەی گڕوگاڵم نەدەزانی
ئەگەر خەمی تۆم نەبوایە
نەمدەزانی پێکەنین و گریان چییە. (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٨).

کاتی (بەهار) لە شیعری شاعیراندا نیشانەیە بۆ نوێبوونەوە و ژیانەوە، لەم دەقەی شاعیردا بە هەمان شێوە، کاتێک شاعیر بینین دەنێت بەخۆشەویستی خۆشەویستەکەیەوە ئیتر وەکو پەلکەزێڕینەی بەهار جوان و گەشاوە دەبێت، چونکە (پەلکەزێڕینە)، نیشەنەی جوانی و سەرنجڕاکێشییە، کەواتا نیشانەبۆکراوی وەرزی بەهار لەلای شاعیر لەڕێگەی پەلکەزێڕینەوە سەردەردێنێت. چۆن پەلکەزێڕینە بەسەر ئاسماندا دەسوڕێتەوە و جوانی و دڵڕفێنی خۆی پەخشدەکات، بەهەمان شێوە شاعیریش بەهۆی خۆشەویستی یارەکەیەوە یاڵە و یاڵ دەکات و وەکو منداڵێک، کە تازە پێدەگرێت گڕوگاڵ دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کۆتا دێڕدا شاعیرنیشانەی ئەوەش دەکێشێت، کە خۆشەویستی تەنها بریتی نییە لە پێکەنین و خۆشەویستی، بەڵکو گریانیشی تێدەکەوێت، کەواتا کاتی بەهاریش مەرج نییە، تەنها جوانی و ژیانەوە و گەشانەوە بێت، بەڵکو دەکرێت، ببێتە هۆکاری خەم و پەژارە و دڵتەنگی، لێرەوە دەکرێت، ئەوە بگوترێت (بەهار) نیشانەیەکە و چەندین نیشانەبۆکراو (مەدلول)ی هەیە، لەوانە جوانی و ژیانەوە، دڵتەنگی و ناخۆشی، ئەوە ڕووداوەکانە ئاراستەی کاتی بەهار دەگۆڕن، نەک خودی وەرزەکە.

**- کاتی زستان**

دڵم خاکێکی زۆر فراوانە
پڕیە لە شاخ و لە بولبول و کەو
دڵم سەرچاوەی ئاوێکی ڕوونە
کڕێوە و سەرمای زستان نایگاتێ
هەرچوار وەرزی ساڵ
لە ئەو خاکەدا، خەنەبەندانە
بۆ ئەو وەرزەی وا،
شەو و ڕۆژ تیایدا، هەر گوڵ بارانە. (گوڵ، ٢٠٢١: ٤٢).

کاتی وەرزی (زستان) نیشانەیە بۆ سەرما و سۆڵە و باران و بەفر، بەڵام لەم دەقەی شاعیردا لەپاڵ ئەم نیشانە(دال)ەوە، نیشانەبۆکراو(مەدلول)ی خۆشی و پێکەنین و گەرموگوڕی

وەرگرتووە، ئەویش بەهۆی گۆڵباران و خەنەبەندانەوە، کە نیشانە بۆکراوی گەیشتنە بە خۆشەویست. شاعیر دەیەوێت بڵێت، کاتێک دەگەیت بە خۆشەویستەکەت، ئیدی هیچ سەرما و بەفرێک کارت تێناکات و بەردەوام وەکو کانییەک، کە چۆن ئاوی سازگاری لێ هەڵدەقوڵێت، ئاوها عیشق و خۆشەویستی و دڵخۆیشت لێ دەردەچێت.

**- کاتی پایز**

لاڵ بم نەمزانی پایز وا زوو دێ
ئازیزم لە پڕ لێ وەدوور دەخا
لاڵ بم نەمزانی،
کوێستانی دڵم
هەوار کۆچ بکا، بە کوڵ شین دەکا. (گوڵ، ٢٠٢١: ٢٨٧).

کاتی وەرزی (پایز)، نیشانەیە بۆ هەڵوەرین و دابڕان و دەست لەیەکتر بەردان و مردنە. لەم دەقەدا شاعیر بەهەمان نیشانە بەکاریهێناوە، بەڵام نیشانەبۆکراوەکانی ئەم نیشانەیە جیاوازە، شاعیر بە مەبەستی کۆچ و ڕاگواستن بەکاریهێناوە، کەواتا نیشانە بۆکراوەکانی پایز لە کۆچی زوو و لە ناکاوی ئازیزان و دوورکەوتنەوەی ئازیزانەوە سەرچاوەی گرتووە، لێرەدا شاعیر دەیەوێت نیشانەبۆکراوی ئەو گریان و شینەی ڕوون بکاتەوە، کە بەهۆی نیشانەی پایزەوە بەسەریدا هاتووە، کەواتا پایزی کۆچی خۆشەویستانی بوون بە نیشانە، بۆ نیشانەبۆکراوی گریان و شین.

**٣_ سیمیۆلۆژیایی شوێن**

شوێن یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی دەقی شیعری و شوێنی کۆکردنەوە و دەرخستنی ڕووداوەکانی ناو دەق لە ئەستۆ دەگرێت، کەواتا شوێن دەبێتە شوناس و ڕەسەنایەتی نووسەر و دەقەکەش، چونکە شوێن پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ شاعیردا هەیە. (شوێن کەرەستەی ژیان و شانۆی ڕووداوەکانە، هەربۆیە شوێن ئەو ڕەگەزەیە، کە ڕووداوەکان دەردەخات و وا لە کات دەکات، ئەو مێژووە چەند ڕەهەندێکی بۆ دروستبکات)(ڕەئوف، ٢٠٢٢: ٣٣). لە دەقی ئەدەبیدا هەرگیز ناتوانین شوێن بە واتا فراوانەکەی فەرامۆش بکرێت. (شوێن لە ئەدەبدا درێژی و پانی سنورداری ناکات) (مونسی، ٢٠٠١، ٧). شوێن لە ئەدەبدا ئەو شوێنەیە، کە هەست بەبوونی دەکەین، بەشێوازێک هەستەکانمان لەگەڵیدا تێکەڵ دەبن و زەحمەتە لێی جیاببینەوە، چونکە پەیوەندییەکی بوونی و ژیانی پێکەوە گرێدەدات و شوێن دەبێتە ڕیتمی هەستەکانمان لەگەڵیدا تەواو وابەستەی بوونمان دەبێت.(عەلی، ٢٠٢٢: ٣٦).

شوێن لە دەقی ئەدەبیدا بریتییە لەو پانتاییەی، کە ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت و دەبێتە مەیدانی سەرەکی و دیاریکراوی کەسەکان، بەمەش هەڵگری نیشانەیە بۆ ئەو قەبارە دیاریکراوە و ئەو ڕووداوانەی، کە تێیدا ڕوودەدەن.(ڕەئوف، ٢٠١١: ٤٢). مارف عومەر گوڵ یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە شوێنی جیاواز و جۆراوجۆر پانتایی دەقەکانی تەنیوە و وەکو نیشانەیەک بەکاریهێناوە، هەریەک لەو نیشانانە چەندین نیشانەبۆکراوی لەخۆگرتووە، لێرەدا بەپێی پێویست چەند شوێنێکی جیاواز لەڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە دەخەینەڕوو.

**- شوێنی خانوو(ژوور)**

هەموو ڕۆژێ ڕیشەی خەمم هەڵدەکێشم
شەوان دیسان دێتەوە لام،
ئای، کە ڕقم لەم ژوورەیە .. وەرن بۆ لام
من تاقێکی گەلێک گەورە دەکەمەوە
ئێوەش پەنجەرەیەک بێنن
با هەتاوی لێوە بێت و

هەرچی خەمی ژوورەکەمە بیسوتێنێ.(گوڵ، ٢٠٢١).

ژوور یاخود خانوو جێگەی پشودان و حەوانەوە و مانەوەیە، بەڵام لەم دەقەدا نیشانەیە بۆ شوێنێکی نائارام، کەواتا مەدلولەکانی بریتین لە شوێنی خەم و دڵتەنگی و دوورەپەرێزی،کە بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ئازیزانەوە بەسەریدا هاتووە، شاعیر دەیەوێت بڵێت، ئەگەر دووربێت لە ئازیزانت، ئەوا ئەوشوێنەی، کە تێیدا دەژیت دەبێتە زیندانێک و بەردەوام لە چاوەڕوانی هاتنی ئازیزانتدا دەبێت، بۆئەوەی ئەو خەم و پەژارەیەت بسوتێنیت و بەبایدا بدەیت و هەتاوی ڕۆژێکی خۆش لەو ژوورەتدا هەڵبێت.

**ـ خاک:**

نەتبیستووە خەڵکی دەڵێن:
ئەگەر منداڵ دایکی نەبێ،
کەس ناتوانێ بەبێ ئازار بەخێوی کا و
فێری ئەوین و سۆزی کا!!
من دایکمم هەر نەدیوە
بەڵام خۆشەویستی خاکێ
پێی گەیاندم(گوڵ، ٢٠٢١: ٣٩-٤٠).

خاک بەوە پێناسەکراوە، کە دەبێتە دایک بۆ دانیشتوانی، چۆن دایک دەبێتە هۆی پێگەیاندن و خۆشبەختی و ئاسوودەیی بۆ منداڵ بەهەمان شێوە، خاکیش دەبێتە جێگەیی ئازادی و دڵخۆشی و سەربەرزی بۆ دانیشتوانی، کەواتا لێرەدا خاک دەبێتە نیشانە(دال) و چەند نیشانەبۆکراو(مەدلول)ێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەڕێگەی خۆشەویستی خاکەوە مرۆڤ دەگاتە سەربەستی و ئازادی، بۆیە مەدلولەکانی خاک ئازادیی و سەربەستی و پارێزراوی و گەشەکردن دەگرێتەوە، بۆیە شاعیر لەڕێگەی وێنەی خۆشەویستی لەنێوان دایک و خاکدا دەیەوێت هانی خەڵک بدات بۆ پاراستنی نیشتمان و خۆشەویستی خاکەکەی.

**ـ شوێنی نائارام**

دوژمن بە دەردێکی بردووم،
زریان بە ماڵە هەژاری نەکردبێ
لە وڵاتی خۆشەویستی ڕاوی نام و
هەڵی دامە دورگەی شێتان
لەوێشەوە، بەسەر شورە و ، بە تەلبەندی،
سنوور لەدوای سنوورەوە، هاتمە لای تۆ ئیرینا گیان. (گوڵ، ٢٠٢١: ٣٥٣).

شوێنی نائارام، ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ تێیدا دڵتەنگە و هەست بە نائارامی دەکات، لەم دەقەدا دوورە وڵاتی (غوربەت) شوێنە نائارامەکەیە و نیشانەیە، ئەم نیشانەیە چەندین نیشانەبۆکراوی هەیە، ئەوانیش دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان و دەربەدەری و ئاوارەیی و ئۆقرەنەمان و دڵتەنگی. لەم دەقەدا شاعیر لەڕێگەی چەند ئاماژەبۆکراو (مەدلول)ێکەوە ئەو بارە نائارامەی، کە بەهۆی شوێنەوە بەسەریدا هاتووە باسدەکات، بۆ دەربازبوون لەم بارە ناهەموارەی پەنا بۆ کچۆڵەیەک دەبات بەناوی ئیرینا، لەپاڵ ئەم نیشانەبۆکراوانەدا، شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت مرۆڤ، کە لە زێدی خۆی هەڵکەندرا ئیدی ژیانی لەمەترسیدایە و هەمیشە چاوەڕوانی خۆشبەختی و دڵخۆشی نەبێت.

**ـ دەشت و دەر:**

شنەی دەشت و دەر بەستەی دڵداران
دیاری ئەو کێوە ئەدەن بە یاران
یار بۆ شاخ ئەچێ بۆ ناو گوڵزاری

لە چاو ون ئەبێ شێوە و ڕوخساری (گوڵ، ٢٠٢١: ٦١٣).
(دەشت و دەر) شوێنێکی دیاریکراوە و زۆرجار لە وەرزی بەهار و گوڵ و گوڵزاردا، خەڵک بۆ دڵخۆشی و کات بەسەر بردن بۆی دەچن، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی لە دامێنی چیاکاندا بن، کەواتا ئەم جوانییانە دەبن بە نیشانە و چەند نیشانە(مەدلول)ێکی هەیە، ئەوانیش هاندانی خەڵکییە لەلایەن شاعیرەوە بۆ خۆش ویستنی خاک و دەشت و دەر و پاراستنی ژینگەکەی، لەلایەکی دیکەوە، هانی خەڵکی دەدات بۆ چوونە دەشت و دەر و دڵخۆشی خۆیان و بینینی دیمەنی جوانی کوردستان، لێرەدا جوانی دەشت و دەر و شاخ و گوڵزاری و یار پێکەوە گرێدراون و وەکو نیشانەیەک بۆ چەند مەدلولێک.

**- باخچە**

ئەو باخچەیە
پڕ گوڵ و گوڵاڵەیە
ئەو باخچەیە
پڕ نێرگز و هەڵاڵەیە
ئەی گوڵاڵەی
باخچەی گەشی وڵاتەکەم
ئەی نێرگزی
ڕۆحی من و ئاواتەکەم
ئاگام لێتە
چونکە گوڵی وڵاتمی
دەتپەرستم
چونکە بەری خەباتمی (گوڵ، ٢٠٢١: ٦٢٦).

(باخچە) بە تەنها وشەیەکە و شوێنێکی جوان و دڵڕفێن و شوێنی پشوودانە، کەواتا تەنها نیشانەیەکە، بەڵام ئەم نیشانەیە چەندین نیشانەبۆکراوی لەخۆگرتووە، لەوانە شاعیر وەسفی جوانی باخچەی وڵاتەکەی دەکات بۆئەوەی خەڵک بیپارێزن و چاویان لێی بێت، بۆیە باسی ئەوە دەکات ئەم باخ و باخچانە هەروا بە ئاسانی نەهاتووەتە بەرهەم، بەڵکو بەرهەمی خەباتێکی لەمێژینەیە و پێویستە بیپارێزین.

**- شاخ:**

چی گیانی خوێناوی وڵاتمان دەشۆرێ
بارانی شاخ نەبێ(گوڵ، ٢٠٢١: ٦٥).

شاخ بەتەنها یەک وشەیە و کەرەستەیەکی ژینگەیە، کەواتا دەبێتە یەک نیشانە، بەڵام لەم دەقەی شاعیردا واتا سەرەکییەکەی لەدەستداوە و نیشانەبۆکراو(مەدلول)ی جیاوازی هەیە، کە بریتییە لە بەرخودان و پێشمەرگە و پشت و پەنا، شاعیر لێرەدا دەیەوێت بۆ ئەوەی ئەو کوشتن و بڕینەی، کە لەناو شارەکاندا بەسەر خۆمان و خاکەکەماندا دێت، تەنها پێشمەرگە(شاخ) دەتوانێت تۆڵەمان بکاتەوە، کەواتا لە ڕێگەی نیشانە(دال)ی شاخەوە چەند نیشانەبۆکراو (مەدلول)ێک بەدی دەکرێت.

**ئەنجام**

لە کۆتایدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان:-
١- سیمیۆلۆژیا مێتۆدێکی گرنگ و فرە ڕەهەندە، بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی مانا شاراوەکان لە دەقی ئەدەبیدا.
٢- ناونیشان گرنگترین پێگەی هەیە بۆ ڕۆچوونە ناو دەقی شیعرییەوە، وەکو کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەق، واتا دەق و ناونیشان تەواوکەری یەکترین. مارف عومەر یەکێکە لەو

شاعیرانەی کە گرنگی و بایەخێکی زۆری بە ناونیشانداوە و بەشێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری بەکاریهێناوە، ناونیشان لە دەقەکانی شاعیردا ئامادەبوونێکی کاریگەری هەیە، لە زۆربەی دەقەکانی شاعیردا ناونیشان و ناوەڕۆک (دەستپێک و کۆتایی) یەکدەگرنەوە. لە دەقەکانی شاعیردا ناونیشانی (گرێ)یی بە پلەی یەکەم دێت و پاشانیش ناونیشانی وشەیی بە پلەی دووەم دێت لە بەکارهێناندا.

٣- کات بەشێکی گرنگی دەقی ئەدەبیە و لە دەقەکانی (مارف عومەر)دا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، شاعیر بەپێی دەمەکان (ڕابردو، ڕانەبردو، ئێستا و داهاتوو) و وەرزەکانی ساڵ و کاتەکانی (بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە و شەو و نیوەشەو)، هاوەڵکارەکانی (دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی) بەکارهێناوە و کردوونی بە نیشانەیەک و هەریەک لەمانە چەندین نیشانەبۆکراوی هەیە. کاتی (بەیانی و ئێوارە) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە دەقەکانی شاعیردا، (بەیانی) نیشانەیە بۆ دەسپێکی ڕۆژێکی نوێ و (ئێوارە)ش نیشانەیە بۆ کۆتایی ڕۆژ و دەسپێکێکی ناخۆش ئەویش شەوە.

٤- شوێن پانتاییەکی بەرفراوانی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا داگیرکردووە و چەندین شوێنی جیاوازی وەکو (شاخ، زیندان، باخچە، دەشت و دەر، خاک، نیشتیمان)ی تێدایە و بوون بە نیشانە بۆ چەندین نیشانەبۆکراو، شوێنی (شاخ ونیشتیمان) لە زۆربەی دەقەکانیدا بەکارهێنراون و لە هەموو شوێنەکانی تر زیاتر گرنگی پێدراوە، شاخ نیشانەیە بۆ خەبات و پشت و پەنا و نیشتیمانیش شوناس و بەردەوامیدانە، واتا ئەم دوو شوێنە زیاتر گرنگی پێدراوە لە دەقەکانی شاعیردا.

**سەرچاوەکان**

**١- کوردییەکان**

**- کتێب**

- قطوس، بسام(٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕان: محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- ڕەشید، فواد(٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- ڕەئوف، لوقمان(٢٠١٦)، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە، (١٩٥٠-١٩٧٥)، کرمانجی جواروو، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
_ خەلیل، ئیبراهیم مەحموود(٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایکردنەوە بۆ هەڵوەشانەگەرایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.
- مستەفا، نەزیرە سابیر(٢٠٢١)، پراگماتیک و شێوازگەری، چاپخانەی ئاوێر، سلێمانی.
- خۆشناو، سەرباز مەجید(٢٠١٩)، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر و علی تاهیر(٢٠٢٤)، کلیلدان، (فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە)چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە و چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
ب- نامەئەکادیمییەکان
_ قادر، ڕێبین خەلیل (٢٠٢٣) سیمای ڕەخنەی زانستی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ڕەخنەی شیعری کوردی( نامە زانکۆییەکان ٢٠٠٠_ ٢٠١٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
- حسین، عطا رشید(٢٠١٢)، بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا١٩٧٠- ١٩٩١(ڕاپەڕین)، تێزی دکتۆرا، فاکڵەتی پەروەردەی کەلار، زانکۆی سلێمانی.
گۆڤارەزانکۆییەکان

- عەلی، لوقمان ڕەئوف(٢٠٢٢)، سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەڵەبجە بەنمونە، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەشی (٢)، ژمارە(٧).
- ڕەئوف، لوقمان(٢٠١٧)، سیمیۆلۆژیای کات لە دەقی شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، vol (4)، ژمارە(٤).
٢- عەرەبییەکان
- ابن منظور(١٩٧٥)، لسان العرب، ج١٢، دار صادر، بيروت، لبنان.
- عزام، محمد(١٩٩٦)، النقد و الدلالة، منشورات وزارة الثقافية، دمشق.
- كريستيفا، جوليا(١٩٩١)، علم النص، ترجمة: فريد الزاهى، دار توبقال، دار البيضاء.
- وغيسى، يوسف(٢٠٠٧)، مناهج النقد الادبى، دار جسور للنشر و التوزيع، الجزائر.
- بنكراد، سعد(٢٠١٢)، السيمائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، الطبعة الثالثه، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا.
- اسكندر، غريب(٢٠٠٩)، الاتجاه السيميائى فى نقد الشعرى العربى، دار الشوون الثقافه العامة، بغداد.
- راغب، نبيل(٢٠٠٣)، موسعة النظرية الادبية، شركة المصرية العالمية للنشر، مصر.
- سعدالله، محمد سالم(٢٠٠٧)، مملكة النص تجليل السيمائى للنقد البلاغى، عالم الكتب الحديث، الاردن.
مونسى، حبيب(٢٠٠١)، فلسفة المكان فى الشعر العربى، منشورات اتحاد الكتاب العربى، دقشق.
- عياشى، منزر(٢٠٠٤)، العلاماتية و علم النص، الطبعة الاولى، مركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، المغرب.
- المرابط، عبدالواحد(٢٠١٠)، السيمياء العامة و السيمياء الادب، منشورات الاختلاف، بيروت، لبنان.
- بن مالک، رشيد(٢٠٠٠)، مقدمة فى السيمائية السردية، مكتبة الادب المغربى، دار القصبة للنشر، الجزائر.
**٣- ئینگلیزییەکان**
_Grace (1975), H. logic and conyerstion, syntax and semantics, academic press, vol 3.
_Adam, J-M. (1989). Pour lire le poème. Paris: Deboeck- Duculot.
Sarjakan
-١Kurdiyakan
-Book
-Qatous, Bassam (2011), "Darwāzī with a Meticulous Method," and "Girgans": Muhammad Tatani, Shavan, Soleimani.
-Eshid, Fawad (2007), Deqi Edibi, Dezhay Chap and Bukharawi Aras, Holler.
-Haouf, Luqman (2016), Kurdish poetic language, (1950-1975), Kurmanji Jawaro, Chapkhani Hamdi, Soleimani.
_Khalil, Ibrahim Mahmoud (2017), "What is the matter with my opinion, etc.?" Chapkhani Kara, Kirkuk.
-Mustafa, Nazeera Sapir (2021), Pragmatism and Schwazgeri, Chapkhani Avir, Soleimani.
-Khishnaw, Sarbaz Majid (2019), Arabic language for poetry (Nawzad kafa'at), this is the language of interpretation. By the way and by the name of God, Holler.
-Barzanji, Abdoula Taher and Ali Taher (2024), Kalidan, (Farhangi Edib and Khan) Jabi, Dezhay Chap and Pakhshi Sardam, Soleimani.

-Esoud, Nouzad Ehmad (2006), Ezmooni Khwandanno and the Chinese Laptop, Chabi, Dezhay. Chap and fear Sardam, Soleimani.
B- Academic development
_Qadir, Bin Khalil (2023) Simai Khany Zansta, the name of my Kurdish poetic writer. 2000-2010), Developed Doctor, Zanki Sahidin.
-Hussein, Atta Rashid (2012), Binyati Daq La Drama Kordida 1970-1991 (English), Doctorate title, Facts about the world, Zanki Soleimani.
Change your mind
-Ali, Luqman Kauf (2022), See what my poetry is about to share with you and how it grows, Ghavari Zanki Hebgah, Bishā (2), Jāmarā (7.(
-Keouf, Luqman (2017), Semitic Languages of the Shiite Deqi Kurdida, Gevari Zanki Garmian, vol (4), Demariya (4.(
-٢Arabic
-Ibn Manzur (1975), Lisan al-Arab, vol. 12, Dar Sader, Beirut, Lebanon.
-Azzam, Muhammad (1996), Criticism and Significance, Publications of the Ministry of Culture, Damascus.
-Kristeva, Julia (1991), Textual Science, translated by: Farid Al-Zahi, Dar Toubkal, Dar Al-Bayda.
-And Ghaisi, Youssef (2007), Methods of Literary Criticism, Dar Jusoor for Publishing and Distribution, Algeria.
-Benkrad, Saad (2012), Semiotics, Its Concepts and Applications, third edition, Dar Al-Hiwar for Publishing and Distribution, Syria.
-Iskandar, Ghareeb (2009), The Semiotic Trend in Criticism of Arabic Poetics, Dar Al-Shun General Culture, Baghdad.
-Ragheb, Nabil (2003), Expanded Literary Theory, Egyptian International Publishing Company, Egypt.
-Saadallah, Muhammad Salim (2007), The Kingdom of the Text: A Semiotic Appraisal of Rhetorical Criticism, Modern World of Books, Jordan.
-Munsi, Habib (2001), The Philosophy of Place in Arabic Poetry, Arab Writers Union Publications, Daqqaq.
-Ayachi, Manzar (2004), Semiotics and Textual Science, First Edition, Arab Cultural Center, Casablanca, Morocco.
-Al-Morabit, Abdul Wahid (2010), General Semiotics and Literary Semiotics, Ikhtilaf Publications, Beirut, Lebanon.
-Ben Malik, Rashid (2000), Introduction to Narrative Semiotics, Moroccan Literature Library, Dar Al-Qasbah Publishing House, Algeria.
-٣English
_Grace (1975), H. logic and conyerstion, syntax and semantics, academic press, vol 3.
_Adam, J-M. (1989). Pour lire le poème. Paris: Deboeck- Duculot.